# کوردستان، ئەی خۆشەویستم!

**ئەنوەر سوڵتانی**




بەهیە فەرەجولّلا گویلیک، *"کوردستان، ئەی خۆشەویستم – بیرەوەرییەکانی بەهیە فەرەجولّلا زەکی مەریوانی"* ، وەرگێڕانی: ئەنوەر سوڵتانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر 2010، 243 لاپەڕە، کوردی.

ئەوە کتێبێکی تازەیە، هەم بە گوێرەی ڕێکەوتی چاپ و هەم بە حیسابی ناوەڕۆک.

بیرەوەری کچی گەورە پیاوێکی کوردە کە خۆیشی بۆ خزمەتی کورد لە باوکی کەمی نەهێناوە. من شانازیی ئەوەم بووە لە ئینگلیزییەوە وەریبگێڕمە سەر کوردی و دەزگای ئاراسیش لە هەولێر چاپی کردووە.

نەمر "فرج الله ذکی الکردی المریوانی" دوای 'زێرنۆف' ی ڕووسی، شەرەفنامەی بەدلیسی بۆ جاری دووهەم لە شاری قاهیرە لە چاپخانەکەی خۆی (المطبعة العلمی الکردستان) چاپ کرد و کەرەسەی بۆ تەرجەمەی عەرەبی کتێبەکە پێک هێنا، کە دۆستی نزیکی خۆی نەمر محمدعلی عونی ئامادەی کرد. چاپی محمدلوی عباسی لە تاران و وەرگێڕاوی کوردی مامۆستا هەژار و تەرجەمەی عەرەبی مامۆستا ڕۆژبەیانی ووەرگێڕاوی کرمانجیی ڕێزدار 'زیا ئەوجی' ش لە سەر هەمان بنەمای چاپی شێخ فەرەجوڵڵا بەڕێوە براون. واتە ئەو ئەو مەزن پیاوە مەریوانییە شەپۆلێکی ڕووناکبیریی خستۆتە گۆمی مەندی کۆمەڵگای ئەودەمی کوردەوە، کە دوای سەدساڵیش هەتا دێ، بەرفراوانتر دەبێت و دەتەنێتەوە.

زانیاری ئێمە لەسەر ژیانی ئەو کەسایەتییە هەڵکەوتووە کوردە یەکجار کەمە و تەنیا ئەوە دەزانین کە ئەویش وەک دوکتۆر سەعیدخانی کوردستانی خەڵکی ناوچەی مەریوان بووە، وەک ئەو کە چووە بۆ سنە و لە لای ئەندامانی بنەماڵەی مەردۆخی دەرسی ئایینی خوێندووە. دوکتۆر سەعید خان هەر لە سنە بوو بە مەسیحی و هەموو ماوەی تەمەنی وەک کوردێکی مەسیحی بێ خەوش مایەوە. بەڵام فەرەجوڵڵا لەسنەوە چوو بۆ بەغدا و لەوێوە بۆ ئەلئەزهەری قاهیرە و لەوێ بوو کە ئایینی بەهایی وەرگرت. لە قاهرە سەرەتا کتێبفرۆشییەک و پاشان چاپخانەیەکی بەناوی کتێبخانەی زانستیی کوردستان دانا کە تێیدا شەرەفنامە و گەلێک کتێبی بەهاییەکانی چاپ کرد.

دەبێ دارالاحسانی ئەودەمی سنە چ پێگە و ناوەندێکی دیموکرات بووبێت کە ئەگەر مەسیحی و بەهایی پەروەردە نەکردبێت لای کەم دەرەتان و دەرفەتی ئەوەی پێدابێتن بتوانن ئازادانە بیر بکەنەوە و ڕێباز هەڵبژێرن. مەگەر مامۆستاکانی قوم و مەشهەد تەشریفیان وا دیموکرات بێت!

شێخ فەرەجوڵڵا چ بە موسوڵمانی و چ کاتێ بوو بە بەهایی، تا مۆخی ئێسقان کورد بوو و دڵی بۆ کوردستان لێیدەدا. هشوێن کەوتن و چاپی شەرەفنامە، یەک لە خەونەکانی بوو کە توانی بە سەرینی خۆی بیهێنێتە دی. بەڵام خەونی وەدی نەهاتووشی کەم نەبوون: گەڕانەوە بۆ کوردستان و خزمەتی هاوولاتیانی.

خۆی و هاوسەرە شیرازییەکەی تاقە کچێکیان بوو بەناوی "بەهیە" کە لە قاهیرە لەدایک ببوو، لە قوتابخانەی ئەمریکییەکان دەرسی خوێندبوو و لەسەر ڕەزامەندیی باوکی چووبووە بەغدا بۆ ئەوەی لە کوردستان نزیک بێتەوە. بڕیار بووە باوکیشی بەشوێنیدا بێتە بەغدا و لەوێ نیشتەجێ بێت بەڵکوو دەرگای کوردستانی بۆ بکەوێتە سەرپشت. بەڵام ئەجەل مۆڵەتی نەداو و ساڵێک دوای ڕۆیشتنی کچەکەی، لە قاهیرە کۆچی دوایی کرد.

بەهیە خانم ساڵانێکی زۆر لەبەغدا مایەوە و لە 'دارالمعلمات' مامۆستایی کرد و ماوەی هەشت ساڵ لە سەر ڕادیۆ بەغدا بەرنامەی 'دۆستی منداڵان' ی بەڕێوە برد. لەو ماوەیەدا سەردانی کوردستان وگەلێک بنەماڵەی نوداری کورد وەک شێخی بەردەقارەمان و تەوفیق وەهبی و ئەمین ڕەواندزی کرد و جارێکیش بەیادی باوکی چوو بۆ مەریوان و گوندی "گەلیە" و خزمەکانی باوکی بەسەر کردەوە. پاشان چوو بۆ ئەمریکا و شووی بەئەمریکییەکی بەهایی کرد کە کوڕێکی لێی هەبوو(حوسەین). لە سەردەمی

ژیانی ئەمریکایدا بەهیە خانم نوێنگەی جل وبەرگی کوردی لە موزەی بروکلین دانا و لەساڵانی کۆتایی تەمەنیدا ووتووێژێکی لەگەڵ بەشی کوردی ڕادیۆ ئەمریکا کرد ولەگەڵ کوردێکی زۆر پەیوەندی هەبوو. لە ڕێزدار ئەسعەدی سیراجەددینیم بیست کە دەیگوت بەهیەخانمی ناسیوە و تەنانەت لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانیدا لە ئاریزۆنای ئەمریکا چۆتە ماڵەکەی. بەداخەوە بەهیە فەرەجوڵڵا زەکی کوردیی مەریوانی لە ساڵی 2005 دا لە شاروچکەیەکی ئاریزۆنای ووڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەری نایەوە. یادی بەخێر بێت!

من ساڵی 2000 لەڕێگەی ڕێزدار هۆمەر دزەییەوە کە بەهیەخانمی دەناسی ، پەیوەندیم لەگەڵی بەست و بۆماوەی 5 سال بەتەلەفون و بەنامە پەیوەندیم پێوە بەست. لە سەرەتایەکدا کە بۆ کتێبەکەم نووسیوە ئاماژەم بە پاشماوەی حیکایەتی ئەو پەیوەندییە شیرێنەم لەگەڵ نووسەری بیرەوەرییەکان کردووە – پەیوەندییەک کە بەداخەوە مەرگی کوتوپڕی لایەنێک کۆتاییەکی خەفەتباری پێ بەخشی.

ئەوی خوارەوە ە دەقی سەرەتایهکە وا بۆ کتێبەکەم نووسیوە. بەداخەوە وەرگێراوەکەی من لە کتێبە چاپکراوەکەدا هەندێک دەستکاری کراوە کە پێی خۆشحاڵ نیم. هەروەها بیستوومە ووتارێک بە ناوی 'دوکتۆر ئەنوەری سوڵتانی' یەوە لە یەکەم ژمارەی گۆڤاری "واتە" دا چاپ کراوە کە نووسراوی من نییە و ڕۆحم لێی خەبەردار نەبووە. هەروەها من هەرگیز نە دوکتۆر بووم، نە دەرسی دوکتۆرام خوێندووە و نە لە هیچ شوێنێکدا خۆم بە دوکتۆر ناساندووە. ئەوە هەرکەس کردبێتی، کارێکی نابەجێیە و ئەگەر دووپات بێتەوە سکاڵای فەرمی لە بەڕێوەبەرانی پێشکەش بە دادگا دەکەم.

ئەوە سەرەتای منە بۆ چاپی کتێبەکە:

## پێشەکی وەرگێڕ

هەموو کارەکە، لە تەلەفونێکی ڕێزدار هۆمەر دزەییەوە دەستی پێکرد. ساڵی 2000 بوو و من بە نووسینی بەرنامەیەکی هەفتانە بە ناوی "چاپکراوی نوێ" – کە تێیدا کتێبی کوردی وسەبارەت بە کوردم دەناساند، سووکە هاوکارییەکی دەنگی کوردی ڕادیۆ ئەمریکام دەکرد. لە ڕێگەی بەرنامەکەوە پەیوەندێکی مانگانەم لەگەڵ کاک هۆمەر- سەرۆکی ئەودەمی ڕادیۆکە و بەرپرسانی دیکەی دەنگی کوردی هەبوو، کە ووتارەکانیان لەڕێگەی تەلەفونەوە بۆ تۆمار دەکردم.

پێشتر من کەوتبوومە سەروشوێنی نوسخەی دەستنووسی شەرەفنامەی بدلیسی لە کتێبخانەکانی جیهان و بە سۆراغی 35 نوسخەم زانیبوو و تایبەتمەندییەکانیانم لە کتێبێکدا چاپ کردبوو(1). کاک هۆمەر لە تەلەفونەکەیدا باسی خانمێکی بۆکردم و گوتی کچی نەمر فەرەجوڵڵا زەکی مەریوانییە و 80 ساڵێکی تەمەنە ولە ئەمریکا دەژی، ژمارەتەلەفونی ماڵەکەشی پێدام و گوتی دەتوانی تەلەفونی بۆ بکەی و هەواڵی بپرسی. من کە هەرگیز نەمدەزانی لە وەچەی فەرەجوڵلا زەکی کەسێک مابێتەوە و بەم هاسانییە دەنگم پێی بگا، لە خۆشییان شاگەشکە بووم و دەست بەجێ هەمان شەو تەلەفونم کردە خزمەت کچی کەسێک کە مێژووی کورد قەرزداری کار وخەباتیەتی (2).

"بەهیە خانم فەرەجوڵڵا زەکی" بەڕووخۆشییەوە لەگەڵم دوا و بە دڵئاواییەوە وەڵامی پرسیارەکانمی دایەوە و هەر ئەو پەیوەندییە ساکارە بووە هۆی دۆستایەتییەکی گەرم لە نێوانماندا، دوستایەتییەک، کە

هەتا ساڵی 2005 درێژەی کێشا. لەو ماوەیەدا من چەند نامەم نارده خزمەتی و لای کەم مانگی جارێک تەلەفونم بۆ کرد. گەلێک پرسیاری بنەماڵەکەیان و بە تایبەت باوکیم لێکرد و ویستم بزانم گەلۆ لە "چاپخانەی زانستیی کوردستان" ی باوکی لە قاهیره هیچ نیشانەیەک ماوە؟ بەهیە خانم پیر ببوو، مێرده ئەمریکییەکەی – ڕۆبێرت گولیک، کۆچی دوایی کردبوو و تاقەتێکی زۆری بۆ نووسین نەمابوو. جگە لە چەند ووشەیەک هیچی لە زمانی کوردی نەدەزانی و چەند ڕستەیەکی فارسیشی لەبیر مابوو – کە لە دایکی وەرگرتبوو، منیش خۆ عەرەبیم نەدەزانی و لە ئەنجامدا پەیوەندییەکانمان لەگەڵ یەکتر بە زمانی ئینگلیزی بوو. تکام لێکرد ئەگەر بتوانێت بیرەوەرییەکانی خۆی سەبارەت بە باوکی بنووسێتەوە و تەنانەت تاقمێک پرسیارم بە نامە نارده خزمەتی و داوام لێکرد وەڵامیان بداتەوە. گوتی خەریکی ڕێک خستنی بیرەوەرییەکانیەتی لەمەڕ باوکی، بەڵام زیاتر خزمەتەکانی باوکی بە ئاییینی بەهایی تێدا باس کردووە، وهەوڵ دەدات ئاوڕ لە لایەنی نەتەوایەتیی وهەڵسووڕاوییە کوردییەکانیشی بداتەوە و وەڵامی پرسیارەکانی منیش کەم وزۆر لەوێدا بگونجێنێت.

"شێخ فەرەجوڵڵا زەکی مەریوانی" لە ساڵانی ژیانی قاهیرەیدا ببووە ئیمانداریکی بە باوەڕی بەهایی و کتێبەکانی بەهائوڵڵاو ڕێبەرانی دیکەی ئایینی بەهایی  لە چاپخانەکەیدا چاپ کردبوو. بەهیە خانم خۆی و میرده ئەمریکییەکەشی هەر بەهایی بوون. ئەو دەیزانی من هیچ باوەڕێکی ئایینیم نییە و باس وخواسی نێوانمان تەنیا بەرەو کوردایەتی دەکێشم، بەڵام ئەو لە منیش کوردتر بوو و لە دووره ووڵاتیش هەر بیری لە کوردستان دەکردەوە. لە ڕاستیدا بەهیە خانم دوو ئەوینی گەوره لە دڵیدا پەنگیان خواردبووەوە: ئەوینی کوردستان و خۆشەویستیی ئایینی بەهایی. ئەو، ئەم دوو وانەیە لە قوتابخانەی مامۆستای باوکی فێرببوو و بە درێژایی تەمەن، لە قاهیره و بەغدا و ئاریزۆنا لەبیری نەکردبوون. شتێک کە توانای پێ بەخشی بوو ئەو دوو شووتییە گەورەیە بە دەستێک هەڵبگرێت واهەیە دڵ فراوانی بەهائیان بووبێت بۆ 'تەحەممول' ی خەڵکانیتر و ڕێز گرتن لە هەموو بیروبۆچوونێکی کۆمەڵایەتی و ئایینی – تەنانەت هی ناحەزانی خۆشیان.

لە ساڵی 2005 دا پەیوەندییم لەگەڵ بەهیە خانم پچڕا و نامە و تەلەفونەکانم بێ وەڵام مانەوە. دەمزانی بە حیسابی تەمەن و نەخۆشی، ئەو بێ وەڵامییە دەبێ واتایەکی تاڵی هەبێت و هەرواش بوو. دۆستە جێگەی ڕیزەکەم لەو ساڵەدا کۆچی دوایی کردبوو و بە مردنی ئەو، وەجاخی بنەماڵەی فەرەجوڵڵا زەکی مەریوانی کوێر بووەوە، بەڵام یادی باوک و کچە خزمەتگوزارەکەی بۆ هەمیشە لە سەر تەتەڵەی زەینی ڕووناکبیرانی کورد دەمێنێت. یادیان بەخێر بێت.

دوابەدوای کۆچی دوایی بەهیە خانم، کەوتمە هەوڵی دۆزینەوەی سەرەهەودایەک بۆ دەست ڕاگەیشتن بەو بیرەوەرییانەی وا خەریکی نووسینیان بوو و بەشێکی کەمی لە سەر تەلەفون بۆ خوێندبوومەوە و لام وابوو دەبوایە لە شوێنێکی دانابێت، کەوتمە نامە نووسین بۆ ئەملا و ئەولا و بەهۆی میهرەبانیی دۆستێکەوە دوو جار بەشداریی کۆنفەرانسی ساڵانەی بەهاییانم کرد لە لەندەن و چاوم بە چەند کەس لە بەرپرسان و یەک لەوان، نوێنەرێکی "بیت العدلی گەردوونیی بەهائیان" کەوت و لە هەموویانم تکا کرد بەڵکوو شوێنی ئەو بیرەوەرییانەم بۆ هەڵبگرن و ئامادەیی خۆم بۆ وەرگێرانی کوردی کتێبەکە پێ ڕاگەیاندن؛ بە تەلەفون و نامەش هەراسم بە هەمووان هەڵگرت. لە ماوەی ئەو هاتوچۆ و پەیوەندییانەدا سینگ فراوانی و دڵ گەورەیی بەهائیانم بە کردەوە بینی. ئەوان گەرچی دەیانزانی من بەهایی نیم و هەر بەگشتی باوەڕی ئایینیم نییە، ئەوپەڕی هاوکارییان کردم و بە ڕاستگۆیی و بێ فێڵییەوە حەواڵەی لایەنی جیاوازیان دەکردم کە هەرکام هەنگاوێک لە ئامانجەکەم نزیکیان دەکردمەوە. سەرئەنجام لە "بیت

العدلی گەردوونیی بەهائیان" لە عەککا ەوە بە نامە پێیان ڕاگەیاندم کە نوسخەی تایپکراوی بیرەوەرییەکانی بەهیەخانم نێرراوە بۆ ئەنجومەنی بەهائیانی عیراق و ئەوان خۆیان وەریدەگێڕنە سەر "کوردیی عیراق" واتە نایدەنە من کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانم.

ئیتر وەک کەسێک کە ڕێگایەکی دووری بڕیبێت و گەڕابێتەوەماڵی خۆی، پاڵم لێدایەوە و ئۆخژنێک بە دڵم دا هات کە بیرەوەرییەکانی دۆستی خۆشەویستم نەفەوتاون و ڕووی ڕووناکی دەبینن ولە ڕێگەی نووسینەکانی ئەوەوە گەلەکەمان ئاگاداری ژیان و هەڵسووڕاوییەکانی گەورەپیاوێکی وەک 'فەرەجوڵڵا زەکی' دەبێت، کە مخابن تا ئێستا ژیننامەیەکی هەمەلایەنەی بۆ نەنووسراوە. ئیتر بڕیارم دا شوێنی مەسەلەکە نەگرم و وازی لێ بهێنم تا کاتێک کە کتێبەکە بە چاپکراوی دەیبینم.

زۆری پێ نەچووبرای بەڕێزم کاک ڕەفیق ساڵح لە بنکەی ژینەوە ئیمەیلی بۆ ناردم و نووسی کە هەندێک برادەری بەهایی دەقی ئینگلیزی بیرەوەرییەکانی بەهیە خانمیان هاوڕێ لەگەڵ تاقمێک وێنەی مێژوویی بە نرخ بردۆتە لای ئەو و ڕاوێژی ئەوەیان لەگەڵدا کردووە کێ بۆیانی وەربیگێڕێتە سەر زمانی کوردی، و ئەویش منی پێ پێشنیار کردوون! کارەکە هەمیسان ڕووبەڕووی من بووەوە و نامە و ئیمەیل گەیشتنەوە دەستم. لە وەڵامی ئیمەیلی برادەرانی بەهایی عەرەبی عیراقدا ئامادەیی خۆم بۆ وەرگێڕانی بیرەوەرییەکان ڕاگەیاند و بەم کارەم ویستم بەپەنەتداریی خۆم بە بەهیە خانم دەرخستبێت و هەنگاوێکیشم بۆ ناساندنی نەمر فەرەجوڵڵا زەکی مەریوانی بە کۆمەڵگای کورد هەڵهێنابێتەوە.

دەستم بە وەرگێڕانی بیرەوەرییەکان کرد و بە ماوەی دوو مانگێک کردمە کوردی و ناردمەوە بۆ برادەرانی بەهایی لە عیراق، بەو هیوایەی کە لە ڕێگەی بنکەی ژینەوە هاوڕێ لەگەڵ وێنەکاندا چاپ و بڵاوی بکەنەوە. ئەم چەند دێڕەی ئێستاشم وەک پێشەکی نووسی بۆ ئەوەی ڕەوتی کارەکە و چۆنیەتی پەیوەندیم لەگەڵ نووسەر و کتێبەکەی ڕوون بکەمەوە و سپاسی هەموو ئەو کەسانە بەتایبەت 'بیت العدلی گەردوونیی بەهائیان' وبەتایبەت خانم میهرنوش مەجیدی بکەم لە لەندەن کە بە دەنگمەوە هات و سەرەتای پەیوەندییەکانی بۆ دامەزراندم. ئەنجامی کارەکە بوو بەوەی نوسخەی بیرەوەرییەک زیندوو کرایەوە- کە زۆر وا هەبوو لە ژێر تۆزی کتێبخانە و عەمباردا بخنکێت و لە ناو بچێت. شایانی باسە کە تەرجەمەی من لەبەر دەقێکی ئینگلیزی بەڕێوە چووە کە پێشتر ڕێزدار دوکتۆر موحسین عینایەت و خاتوو فیلیسی عینایەت پێیەوە خەریک بوون و بە تایپکراوی و بە هەندێک پەراوێز و یەک دوو فەسڵی زیادکراوەوە، نێرراوە بۆ لای من. گەرچی ئامانجی من تەنیا بیرەوەرییەکانی بەهیە خانم سەبارەت بە خۆی و باوکی و بنەماڵەکەی بوو، بەڵام بەشە ئایینیەکانی نەک هەر زیانێک بە کارەکە ناگەیێنن بەڵکوو زانیارییەکی زۆریش دەبەخشن بە گەلی کورد و چارەنووسی پڕ ئازاری بەهائیان بە دەست مەلاکانی ئێرانەوە هاوچەشنە لەگەڵ چارەنووسی کورد – کە زیندانە و مەنفایە و ئاوارەیی بۆ خەڵکەکە و دواکەوتوویی ئابووری بۆ ناوچە لێقەوماوەکە.

سەرەتای ساڵی 2010

ئەنوەر سۆڵتانی

لەندەن

1. بڕوانە: ئەنوەری سۆڵتانی، *"35 دەستنووسی شەرەفنامەی بەتلیسی لە کتێبخانەکانی جیهان"* ، کتێبی ئەرزان، سوید، 1997

2. فەرەجوڵڵا زەکی دوای چاپەکەی ڤلادیمیر زێرنۆف لە سەنت پیترزبورگ، دووهەم چاپی شەرەفنامەی بە هاوکاری محەممەد عەلی عەونی، لە قاهیرە بڵاو کردەوە (ساڵی 1305 ی کۆچی مانگی، و1886 یا 1887 ی زایێنی) و نوسخەی وێنەهەڵگیراوی ئەو چاپەش بوو، کە محەممەدلوی عەبباسی جارێکی دیکە لەتاران چاپی کردەوە و بوو بە بنەمای کاری مامۆستا هەژاری موکریانی بۆ تەرجەمەی کوردی سۆرانییەکەی. نوسخەی چاپی فەرەجوڵڵا زەکی 'ذیل' - واتە زیادکراوێکی لەمەڕ ئەمیرانی گەڵباخی هەیە، کە دوور نییە هەر خۆی نووسیبێتی. محەممەدلوی عەبباسی لە سەرەتای چاپەکەی خۆیدا دەنووسێت: "شێخ فەرەجۆڵڵا زەکی ئەلکوردی لە کاری ساغ کردنەوە و پاککردنەوەی دەقی کتێبەکەدا ئەوپەڕی هەوڵ و ووردبوونەوەی بەکار هێناوە." (بڕوانە: *"شرفنامه - تاریخ مفصل کردستان"*، تألیف امیر شرفخان بدلیسی، با مقدمه و تعلیقات و فهارس به قلم محمدعباسی، چاپ سوم: انتشارات علمی، تهران 1343 خورشیدی[ 1965 میلادی]، صفحه صد و هفت مقدمه). بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە نوسخەی ئەمیر سوڕەییا بەدرخان و نوسخەی مەدرەسەی عوسمانلی لە شاری حەڵەب کە سەرچاوەی کاری شێخ فەرەجوڵڵا بوون، بڕوانە سەرەوەتر (پەراوێزی 1)، لل 93 تا 96.

ئەوەش دوو وێنەی شێخ فەرەجوڵڵا و وێنەیەکی بەهیەخانم و حوسەینی کوڕی، کە لە لاپەڕەکانی کۆتایی کتێبەکەم وەرگرتووە:




